لێ پارێزگای هەولێر بۆ مانگی رەمەزانی پیرۆز چەند بڕیارێك دەركرا

لێ پارێزگای هەولێر بۆ مانگی رەمەزانی پیرۆز چەند بڕیارێك دەركرا، بڕیاردرا هەر كەسێك لەم مانگەدا كێلوپێل گران بكات یاخود خراپی و ماوەبەسەرچوو بفرۆشێت توندترین سزا بدرێت.

ئەمڕۆ پێنجشەممە بۆ سەرپەرشتی یەكەمد خۆشناو پارێزگاری هەولێر سەبارەت بە هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و نرخی كێلوپێل و كاڵا و پێداویستییەكانی هاووڵاتیان كۆبوونەوەیەكی تایبەت ئەنجامدرا.

لە كۆبوونەوەكەدا كە بەڕێوەبەرانی دیكەی لایەنی پەیوەندیدارئامادەی بوون، دوای گفتوگۆكردن لەبارەی ڕەوشی بازاڕ و نرخ و جۆرەكانی خۆراك و پێداویستییەكانی هاووڵاتیان، پارێزگاری هەولێر جەختی لە توندكردنی چاودێریكردنی بازاڕ و نرخ و كێلوپێل و پێداویستییەكانی هاووڵاتیان لە هەموو شوێنەكان كردەوە و بۆ ئەو مەبەستەش كۆبوونەوە ئەو بڕیارانەی دا:-

- لێژنەی قایمقامییەتەكان، بازرگانی، شارەوانی، تەندروستی، و لایەنەكانی دیكەی پەیوەندیدار بەردەوام بن لە چاودێریكردنی بازاڕ و نرخ و كێلوپێل و پێداویستییەكانی هاووڵاتیان.

- نابێت هێگۆ بە هیچ کەسێک بدرێت مانگی پیرەزی هەمزان بقەزیتێوێ و یاری بە بازاڕ بکات و نرخی خۆراک و کەلوپەل و پێداویستی لەسەر هاووڵاتیان گران بکات.

- هەڵکاری یاسایی بۆرامبەر هەموو ئەو کەس و لایەنانە بگیرێتەبەر کە یاری بە بازاڕ دەکەن و نرخی خۆراک و پێداویستی لەسەر هاووڵاتیان زیاد دەکەن.

- لێپێناو پاراستن و سەلامەتی گیانی هاووڵاتیان و هێگەگرتن لە ساخکردنەوەی خۆراکی ماوەبەسەرچوو و بە کوالێتی، هەمەتی لیژنەکان و بەدواداچوون و پشکنین بۆ کێگاکانی خۆراک، درمان، مەڵ، مارکێت و شوێنەکانی تری هاوشێوەیان لێناو شار و دەرەوەی شار بەردەوام بێت.

- لە بازگەکان چاودێری توند بکرێت و هێگە نەدرێت خۆراک و کەلوپەلی ماوە بەسەرچوو هاوردەی سنووری پارێزگای هەولێر بکرێت.

- تیمەکانی شارەوانی لە هەکخستنی بازاڕ و چاودێریکردنی شوێنە گشتییەکان و پاککردنەوەی بەردەوامی نێو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان بەردەوام بن.

- هەکخستنی خشتەی مۆلیدە ئۆهلییەکان و کارەبای نیشتمانی دەبێت لە کاتی بڕبانگ و پارشیواندا کارەبا بدرێت بە هاووڵاتیان.

- کوشتارگەی هاوچەرخی هەولێر و ڤێترنەری بۆ هاوبەشی لەگەڵ لیژنە و لایەنە پەیوەندیدارەکان وەکو ساڵان ڕەوشوبنی پێویست بگرنەبەر.

- ئامادەباشی هێزەکانی پۆلیس، ئاسایش و گرتنەبەری ڕێکارەکی پێویست لە شوینە گشتییەکان بە تایبەتی لە شەوانی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان لەپێناو پاراستنی ئارامی و ئاسایشی شار و سەروماڵی هاووڵاتیان.

- کردنەوەی بازاڕی شەوانی ڕەمەزان لە سەنتەری شار لەلایەن سەرکایەتی شارەوانی هەولێر لەووی ڕێکخستن و ڕێکارەکانی بۆ باشی و بۆبە کەموکوڕی بەڕێوەببرێت.

- تەنها لە 10 شوێ کەتایەکانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز دەرگای مزگەوتەکان کراوە دەبن تا نوێژی بەیانی، تەنها پێشنوێژ و وتارخوێنی فەرمی مزگەوتیش بەیان هەیە مەراسیمە ئایینیەکان و تەراویح ئەنجام بدەن، بەپێچەوانەوە هیچ کەسێکی تر بۆی نییە چالاکی ئەنجام بدات.

- لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان دەوامی فەرمی لە دامودەزگا و فەرمانگەکانی حکوومەت لە سنووری پارێزگای هەولێر بە ماوەی یەك کاتژمێر کەم بکرێتەوە.

لە کەتای کەبوونەوەکەشدا لەلایەن ئامادەبووانەوە دوای گفتووگۆ و خستنەڕووی چەند پرسێکی دیکەی

پەیوەست بە بابەتی سەرەکی کەبوونەوە، کەبوونەوە چەند بەیار و ھاوشوێنکی دیکەی پەویستی وەرگرت.